


# ڕانانێک بۆ کتێبی: (کەوتنەخوارەوەی مەراق)

کامەران گەردی

(کەوتنەخوارەوەی مەراق) ناوونیشانی سەرەکی دووەمین بەرهەمی چاپکراوی (سەردار نۆڕی)یە، پاش (پۆرتریتی ئەندێشەکانی فرین ٢٠١٤)، لە پاییزی ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوکرایەوە، کە تایبەتمەندی کورتە شیعر لە فۆرمی (هایکۆ) لەخۆ دەگرێت.

(کەوتنە خوارەوەی مەراق) کۆبەرهەمی (٣) ساڵەی (سەردار نۆڕی)ی هایکیستە، لەناو خۆیدا کتێبێکی قەبارە گەورەیە و لە (٤٦٢) چوار سەد و شەست و دوو لاپەڕە پێکهاتووە. توێژینەوەیەکی گرنگی ئەدەبی و سێ دیوانی سەربەخۆی هایکۆی کوردی تێدایە، بە سێ ناوونیشانی جیاوازەوە، ژمارەی کۆی دەقەکانی (٦٠٠) هایکۆی کوردین، بابەتگەلێکی فرەڕەنگ و بە تەکنیکی هەمەجۆر تۆمارکراون...

پاش پێشەکییەکە، کە نووسەر خۆی نووسیویەتی..لە دەستپێکی ئەم کتێبەدا توێژینەوەیەکی ئەدەبی بە ناوونیشانی: (باسێك لەسەر هایکۆ و ئەدەبی ژاپۆنی) هەیە، کە لە لاپەڕە (١٥)وە دەست پێ دەکات تا دەگاتە لاپەڕە (١١٦) دەستپێکی باسوخواسێکی بەرفراوان و توێژینەوەیەکی وردەکارانەیە لە بارەی فۆرمی هایکۆ و پاشخانە مێژووییەکەی دەخوێنینەوە، کە بابەتگەلێکی بەسوودی لەخۆ گرتووە. ئەم باسەی نووسەر لە بیست و چوار خاڵ و کۆمەڵێك ناوونیشانی گرنگ پێکهاتووە. کە هەر ناوونیشانێکیش ناوەڕۆکێکی بایەخداری لەمەڕ ئەو گۆڕانکارییانە تێدایە، لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی پێشکەوتنی ئەدەبی جیهانی بەخۆوەی بینیوە، فۆرمی هایکۆیش لەو چوارچێوەیەدا تایبەتمەندیی خۆی پەرە پێ داوە و هەنگاوی بلەزی هەڵهێناوە.

نووسەر لە بەشێکی نووسینەکەیدا، بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات هاوتەریب لەگەڵ بەرەو پێشچوونی شیعر و ئەدەبیات، فۆرمی هایکۆی ژاپۆنیش بەرەو پێش چووە، تەنانەت سنووری وڵاتی دایکی بەزاندووە و بووەتە خاوەنی چەندان ناسنامەی ئەدەبی گەلانی تر، تەنانەت هایکۆ بووەتە ژانرێکی سەربەخۆ

و ناسنامەی ئەدەبی جیهانی وەرگرتووە.

چاپکردنی کتێبی کاغەزی، هەم ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت لە بەردەوامی و بەرەو پێشچوونی کاروانی هایکۆی کوردی، هەم کتێبخانەی کوردییش زۆرتر بەو فۆرمە تازەیە ئاشنا دەبێت، هەم توێژەران و شرۆڤەکارانی ئەکادیمی بواری ڕەخنەیشدەیکەنە هەوێنی توێژینەوەی کاری ئەدەبی و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. چونکە نووسەران و ڕۆشنبیران پشت بە بڵاوکراوەی پەیجەکان و فەیسبووك نابەستن، چوون بە سەرچاوەی فەرمی و بەڵگەی بواری ڕووناکبیری هەژمار ناکرێن.

چاپکردنی ئەم کتێبە، یان بڵێین: ئەم (٣) دیوانە لەناو کتێبێکدا، کە تایبەتن بە فۆرمی هایکۆ کۆئەزموونی نۆبەرەی هایکیستێك دەخرێتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، بەو واتایە دێت، لەلایەن هۆگرانی کورتە شیعر و دۆستانی هایکۆی کوردییەوە ویستێك هەبووە بۆ قبووڵکردنی هایکۆی کوردیش. ئەمەش هاوکۆکە بە ڕەوشی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردی و پەرەدانە بە تایبەتمەندیی کورتە شیعر و کورتیلە شیعری کوردی، لەو فۆرمە تازە باوەدا.

نووسەر/ هایکۆنووس لە باسەکەیدا، ئاماژە بەوە دەدات کە فۆرمی هایکۆ بنچینە مێژووییەکەی بۆ ئەدەبیاتی ژاپۆن دەگەڕێتەوە، چەند ساڵێکە وەك پرۆژەیەکی ئەدەبی لە نێو ئەدەبیاتی کوردی و لە ڕێگەی ماڵپەڕ و پەیجی ئەدەبی و ئەکاونتی تایبەتی شاعیران و ڕۆشنبیرانەوە بە شێوەیەکی دروست و گونجاو بەشێك لە شاعیرانی کورد کورتە شیعری کوردی موتوربەی تایبەتمەندییەکانی ئەو فۆرمە دەکەن.

دیارە تێڕوانینێکی تازەش خەریکە بە تەواوی دەبێتە باو و جێگەی شیاوی خۆی دەگرێت، ئەویش کورتبڕی و چڕکردنەوەی زمانی نووسینە لە کۆی ژانرە ئەدەبییەکان، ئەمەش هاوکۆك دەبێتەوە لەگەڵ چڕوپڕی و گوشینی زمان لە تایبەتمەندیی کورتە شیعر لە فۆرمی هایکودا..چاپکردنی دیوانی هایکۆیش ڕەنگدانەوەی ئەزموونی سەرەتای قۆناغی ئەو فۆرمەیە، لە نێو بزاوتی ئەدەبی کوردی و دەچێتە پاڵ کایەکانی تری بواری ڕووناکبیری.

## ناوونیشانی (٣) دیوانی جیاواز

**یەکەم:** دیوانی (پژمینی گوڵ) کۆی هایکۆ سروشتییەکان بە بابەتی سەرنجڕاکێش و تەکنیکێکی تایبەت لەخۆ دەگرن.

**دووەم:** دیوانی (عاشقێك میزەڵان دەفرۆشێت) هایکۆ مرۆییەکانن، کە هایکۆکانی تایبەتن بە بابەتی ئەڤینداری، ژن، جوانی، شەڕ و جەنگ و ئاشتی میهرەبانی و بەرائەتی منداڵ و... تاد.

**سێیەم:** دیوانی (هەنگێکم لەکاتی پێوەدان) هایکۆ ئیرۆتیکی و هایکۆ پۆرنۆگرافییەکان (ئەدەبیاتی سێکسی) لەخۆ دەگرێت کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بە خامۆشی تێپەڕیون و قسەی کەمیان لە بارەوە کراوە. تاقیکردنەوەی دەقی ئیرۆتیکی و شیعری پۆرنۆگرافی بە کورتە شیعری کوردی بەرجەستە لە فۆرمی هایکۆدا، کە لە مێژووی فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبیاتی نوسراوی کوردیدا، هەر لە سەردەمی شیعری کلاسیکەوە تا دەگاتە شیعری هاوچەرخ لە هەموو قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا، لە کاروانی شیعری هەمەجۆری کوردیدا تاکوتەرا بەرچاو دەکەون. دەتوانین لە شیعری کلاسیکی کوردی شاکارەکەی حەزرەتی نالی کە بۆ (مەستوورەی ئەردەڵانی) نووسیوە وەك نموونەیەکی زیندووی شیعری ئیرۆتیك و پۆرنۆگرافی کوردی؛ کە بە ڕووپۆشی هونەری زمانەوە داپۆشراوە؛ پێناسە بکرێت. کە چێژی جەستەیی لەو دەقەدا دەگاتە ترۆپکی جوانی، هەروەها دەتوانین لە سەردەمی شیعری نوێی کوردیدا، لەسەر دەستی شاعیرێکی نەوەی هەشتاکان تێکستە ئیرۆتیکییەکانی (قوبادی جەلیزادە) وەك نموونەیەکی زیندوو بخەینە بەرچاوان کە تا ئەمڕۆش قوبادی جەلیزادە لە گۆڕەپانەکەدا ئەزموونێکی بەرفراوانی بنیادناوە، لەم لایەنەوە، ئامادەیی بەرچاوی هەیە و زۆرترین فۆکسی خوێنەری کوردی لە سەرە.

به حوکمی ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەردەستی شاعیرێکی گەنج، ئەو بابەتە هەستیارە لە کورتە شیعردا بەرجەستەکراو لە فۆرمی هایکۆدا دەورووژێنرێتەوە، بۆ مێژووی داهاتوو سوودی زۆری بۆ ئەزموونی هایکۆی کوردی دەبێت، بەڵام بێ پەرچەکرداری کۆمەڵگە و کۆنەپارێزەکانیش قورتاری نابێت.

دەقی [هایکۆی پۆرنۆگرافی] هەڵگری ڕوحییەتی ئەو بابەتە سیکسییانەن، کە وێنەدانەوەی جەستەی ڕووتی ڕەگەزی مێیینە دەگرنە خۆیان و هۆکارەکانی ساتی وورووژان نیشان دەدەن. لەم سۆنگەیەوە هایکیست لە ڕوانگەی گۆڕانکاریی خێرای کۆمەڵگاوە، دنیایەکی تازەتری بەرهەم هێناوەتەوە، ئەویش فەزای بەرفراوانی سەربەستی ڕەهای سۆشیال میدیایە، بە جووڵە و وزەیەکی نوێوە، ڕێڕەوی پێشکەوتنی کۆمەڵگای شڵەقاندووە، ئەگەری ڕوودانی گۆڕانکاری زووتر، درك پێ کردن و لێکەوتەی ئەو کاریگەرییە تێڕامانی هایکیستی قووڵتر کردووەتەوە، هەرچەندە ئەمەش ڕوونە بۆ ئەگەری ئەو پێشهاتە هایکیست سەرکێشی دەنوێنێت.! هایکیست سەردار نۆڕێ چ وەك شاعیر و هونەرمەندێکی نیگارکێش و وەك مرۆڤێکی هۆشیار و ئازاد، لە بەشێك لە تێکستەکانی تابلۆکانیشی ئاوێتەی وێنای شیعری کردووە و لە هایکۆکانیدا تۆماری کردوون. شاعیر بێ ئەوەی ئەزموونێکی پێشوەختەی لە سەر ناواخن و تەکنیکە جیاوازەکانی فۆرمی هایکۆی ژاپۆنی هەبێت (جگە لە هەندێك زانیاری لەبارەی هایکۆی کلاسیکییەوە)، کە لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیش تەنیا سێ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ وەك ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبی و دواتریش لە ڕێگەی پەیج و ئەکاونتی شاعیران و هەندێك لە ڕۆشنبیرانەوە، بە چڕی کاری لەسەر کرا، سەرەڕای ئەم کاتە کەمەش لە ماوەیەکی پێوانەیی کورتبڕدا بەپشت بەستن بە پێشینەی ڕۆشنبیریی خۆی؛ لە بواری ئەدەبیاتدا، وەك شاعیرێکی گەنج توانی بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو، پەرە بە تواناییەکانی بدات و کتێبی (کەوتنەخوارەوەی مەراق) چاپ بکات. هەرچەندە (هایکیست) هێشتا گەنجە، بەڵام تێڕامان و ڕەگاژۆی بیرکردنەوەکانی پڕن لە وردەکاری و شارەزایی لە تەکنیکە جیاوازەکانی شیعری هایکۆ، وەك لە تێکستە هەمەجۆرەکانی کە لەم فۆرمەدا بەرجەستەن؛ دەردەکەون، بۆیە لە گۆشەنیگای فرەڕەهەندی جیهانبینیی شاعیرەوە. تێگەیشتن لە فرەمانایی زۆر لە هایکۆکانی، هایکۆدۆستی زیرەکی دەوێت، چونکە دیدگای قووڵڕوانینی ئەو؛ ئامانجی دوورتر دەپێکێت ..! هەرچەندە زۆر لە هایکۆنووسان و دۆستانی هایکۆی کوردی پێشووتریش، بە هایکۆکانی (سەردار نۆڕێ)وە لە ڕێگەی پەیج و ماڵپەڕ و فەیسبووکی تایبەتیی خۆیەوە ئاشنان، لە چاپکردنی (کتێبی کەوتنەخوارەوەی مەراق) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر لە ماوەی دوو بۆ سێ ساڵی ڕابوردوو، بە قۆناغێکی زێڕیندا تێپەڕیوە..! بەپێی کۆبەرهەمەکانی شاعیر؛ بە جۆرێك لە جۆرەکان لە دوو ساڵی ڕابوردوویدا کاریگەری هایکۆکانی شوێنەواری لەسەر هەست و سۆزی ئەو خوێنەرە جیددییانە جێ هێشتووە، کە زۆر جار لە دیداری هایکۆیەکی سەرنجڕاکێشدا (کۆمێنتی ئەدەبی) یان وەك دەقێکی تر و هەڵگری مانایەکی تر، لێکەوتەی خوێندنەوەیان بووە. هەروا سەرنجی هایکۆنووسان و دۆستانی هایکۆی کوردی و نووسەران و شرۆڤەکارانی ڕاکێشاوە. وەك ئەوەی ئاشنایەتیمان لەگەڵ تێڕامان و قوڵبوونەوەکانی هەیە، کە لە تۆمار و کۆئەزموونی ئەم دواییانەی ئەو پێکهاتوون. سەردار نۆڕێ لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە، خەرمانێکی تازەتر دەخاتە سەر ئەزموونی نوێی هایکۆی کوردییەوە، بەشێك لە هایکۆکانی (سەردار نۆڕێ)ی هایکیست، لە ڕێگەی کورتە شیعری چڕ و پڕ و تێکچڕژاو بە وێنای سەرنجڕاکێشەوە هەڵگری فرە واتا و قووڵن؛ کە پێویستە خوێنەر لە ڕێگەی تێگەیشتنێکی وردەوە، بە هەڵوێرکردنی زمانی چڕی دەق، واتای شاراوە بدۆزێتەوە،ئەوجا لە ڕێگەی تێڕامانی قووڵ و

چاوی خەیاڵەوە، وێنا شیعرییەکەی بۆ ڕووناک دەبێتەوە..!! لە خوێندنەوەی هایکۆکانی ئەم سێ دیوانەدا هایکۆدۆستی کورد دەگاتە سەر ساغەی مەبەستێك، درك بەوە دەکات کە هەم باسوخواسە بەرفراوانەکەی، وەك توێژینەوەیەکی ئەدەبی، کە ئەویش بە کتێبێکی سەربەخۆ و قەبارە مامناوەند هەژمار دەکرێت، هەم کۆی هایکۆکانی ناو کتێبی (کەوتنەخوارەوەی مەراق) پێکەوە، سوودگەلێکی شایستە و دەریچەیەکی تازەتر بە ڕووی ڕوانینی دۆستانی هایکۆی کوردی دەکەنەوە. کاریگەریی ئەرێنیش دەخەنە سەر ئەزموونی تازەی هایکۆی کوردی.

**نموونەی هایکوکانی کتێبی یەکەم**
**(پژمینی گوڵ)**

**هەڵاڵەباران،**
**باخچەی پڕ لە شیلە و بۆن-**
**پژمینی گوڵ**

**پرسەی پاییزە،**
**دانیشتووم بەدیار شیعرەوە-**
**شەوی یەڵدا**

**کات دەیگوشێت،**
**دەتکێتە دەفری دەریاوە؛**
**پرتەقاڵێکە خۆر**

**تا ئاوا دەبێ،**
**لە مانگی تابان دەڕوانم**
**سینییەکەم بەتاڵە!**

**ئاوازێ دەڕژێ**
**لە گەرووی گوڵە لاولاوەوە**
**سیحری گرامافۆن!**

**نموونەی هایکۆکانی کتێبی دووەم.**
**(عاشقێک میزەڵان دەفرۆشێت)**

**(تا گەیشتن پێت،**
**دڵۆپەی ژیان دەنۆشم-**
**کۆڵنەدان**

**چ مانای هەیە باخچە!**
**کاتێ لە جوانی و بۆن و بەرامەت-**
**باوەشم پڕ دەبێ!**

**دڵت لێم ڕەش بووە،**
**بە دەورتا دەسوڕێمەوە-**
**ئەی کەعبەی عیشقم!**

**هەناسەشم بەرت کەوێ**
**ئاوازت لێ دەڕژێت-**
**کچی مۆسیقایت!**

**لەسەر بەرگی ڕەشەبا،**
**هێڵکاریت دەکەم-**
**دەبێتە سروە!**

**نموونەی هایکۆکانی کتێبی سێیەم**
**(هەنگێکم لە کاتی پێوەدان)**

**کەشکا بە زار دەمخوێندنەوە،**
**دوو هایکۆی ناو**
**- «ست»یانەکەت!**

**گەر زۆر بیگوشم،**
**شووشەی دەستم پڕ عەتر دەبێت-**
**گوڵی مەمك!**

**شەو دەگاتە ئۆرگازم،**
**دەکەوێتە سەر گەڵا و گوڵ-**
**تکی ئاونگ!**

**تینووی یەکترن،**
**دوای دەستبازی ئاو دەزێتە-**
**زنەی دۆڵ!**

**مردووی سەر تاتەشۆرن،**
**یەك لەتاو هەرامەکە-**
**یەك لە بۆ و بەرامەکە!**

سەرنج: هەندێ لە هایکۆکانی سەردار نۆڕێ، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە و بەشداری فیستیڤاڵیشیان کردووە.